

# کۆنگرەی پزیشکان

عەزیز نەسین

لە عەرەبییەوە: خالید عەبدول



کۆنگرەی دەیەمی پزیشکانی جیهان لە شاری لبلیکس بەسترا، ئەو ساڵە زۆربەی پزیشکانی جیهان گرینگییەکی تایبەتییان بە دەیەمین کۆنگرەی پزیشکان دا، پزیشکگەلی بەناوبانگ بەشدارییان تێدا کرد، کۆنگرەکە قەرەباڵغ نەبوو وەک ئەو قەرەباڵغییەی کە لە یارییەکی تۆپی پێدا دەیبینین، یا ئەو قەرەباڵغییەی کە لە کاتی بینینی ئەستێرە سوور و سپی و قژکاڵە بەناوبانگەکاندا روو دەدات، یان لە کاتی دەرکەوتنی نمایشکارە ئەسمەرەکە کە لەسەر سەکۆ بە خۆبادان جلەکانی ژێرەوەی دەردەخات.

لەگەڵ ئەوەشدا هۆڵی کۆنگرە پڕ لە رۆژنامەنووس و پەیامنێرانی کەناڵەکانی راگەیاندن بوون، کە بۆ گواستنەوەی چۆنیەتیی کاروبارەکانی کۆنگرە پزیشکییەکە کە تێیدا بیست و سێ پزیشک لە وڵاتانی جۆراوجۆر هاتوونە و بەشداری کۆنگرەیان کردووە و دەیانەوێت داهێنانەکانی خۆیان لێرەدا بخەنە روو.

لە نێو ئەو پزیشکانەدا پزیشکی وا هەیە دەتوانێت جەستەی مرۆڤ دابژەنێت و بیکاتە پارچەگەلی بچووک بچووک، هەروەک سەعاتچی کاتێ سەعاتە لە کارکەوتووەکانی بۆ دەبەیت و دەتەوێت بۆتی چاک بکاتەوە، ئەویش پارچە پارچەی دەکات و دای دەژەنێت، ئینجا سەرلەنوێ دەیخاتەوە سەریەک.

هەر بۆیە رۆژنامەکانی جیهان هەریەکەیان چەند دێرێکیان بۆ ئەو کۆنگرەیە تەرخان کرد، ئەویش لە دوای هەواڵی مۆدێلی مایۆنی ئەو ساڵە و، دەنگوباسی تۆپی پێ و هەواڵی ترسێنەر.

رۆژی یەکەم کردنەوەی کۆنگرە بوو.

رۆژی دووەمیش بریتی بوو لە خوێندنەوەی وتاری وانەبێژان و بە بۆنەی کۆنگرەکەوە.



لە رۆژی سێیەمدا داهێنان و تواناکانی خرانە روو، یەکەم کەس کە بابەتەکەی پێشکێش کرد، پزیشکی ئەمەریکایی بە ناوبانگ "جۆرج کلاسمان" بوو لەگەڵ پیاوێکدا هاتە سەرسەکۆکە، رۆژنامەنووسەکان کاغەز و پێنووسەکانیان بە دەستەوە بوو، بە وریاییەوە گوێیان گرتبوو، هەرچی پزیشکەکانی تر بوون، لەسەر کورسییەکانیان دانیشتبوون و سەماعەکانیان لە گوێ گرتبوو ئامادەی بیستن بوون کە پزیشکە ئەمەریکاییەکە چی دەربارەی داهێنانەکەی دەڵێت. قسەکانی بۆ سەر چوار زمان وەردەگێرا، کلاسمانی پزیشکی ئەمەریکایی گوتی:

هاورێیانی ئازیزم:

لەم کۆنگرەیەدا سەیرترین رووداوی بواری پسپۆرییەکەی خۆمتان لە ماوەی سی و پێنجساڵدا پێشکێش دەکەم.

هەمووتان دەزانن کە هەتا ئێستا پزیشکێک نەیتوانیوە پەنجەمۆر بگۆرێت، مێژووی پزیشکیش رووداوی وای بەخۆیەوە نەدیوە، هەرچەند و هەرچۆنێک پێستی مرۆڤ دابماڵرێت لە دوای ماوەیەک هەمان نەخشی سەر پەنجە دووبارە دەردەکەوێتەوە، هەر بەیەک پۆلیس دز و تاوانبار پەنجەمۆرەکەی دەناسێتەوە.

لە دوا داهێنانمدا توانیم نەخشەکانی سەر پەنجەی ئەم پیاوە کە لە بەرچاوتاندایە و دەیبینن بگۆرم، پیاوێکی بەناوبانگی کارە لە ئەمەریکا بەڕێز تۆماس ولفیە و کامبێرەشکێن، لە تۆمارەکەیدا ئاوها ناوی هاتووە، پۆلیسی ئەمەریکا دە ساڵ بەدوایدا گەران، هیچ نیشانەیەکیان دەربارەی چنگ نەکەوت، چونکە لە دوای هەر دزییەک من نەخشەکانی پەنجەیم دەگۆری، گۆرینی نەخشەکانی پەنجە باشترین دەستکەوتە لە دنیادا، بیر لەوە بکەنەوە سامانە دزراوەکە لەگەڵ دزەکەدا بەش بکەن لە بەرامبەر گۆرینی



نەخشەی پەنجەی دزەکەدا، ئایا دەستکەوتێکی کەمە؟

ئێستاش چۆنیەتی شێوازی گۆڕینی نەخشەی پەنجەیتان بۆ باس دەکەم.

دوای ئەوە دوکتۆر کلاسمان باسی داهێنانەکەی خۆی کرد، سەرجەم پزیشکەکانی ئامادەبووی کۆنگرەکە لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە ئەو باشترین پزیشکی بەشداربووی ئەم کۆنگرەیەیە.

بەڵام ب. لیاننس پزیشکی بەریتانی کاتێ سەرکەوتە سەر سەکۆکە زۆر قەناعەتیان گۆڕی، ئەویش کەسێکی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو گوتی:

هاوڕێ پزیشکەکانم، سەیرترین چیرۆکی شەڕتان بۆ دەگێڕمەوە کە مێژووی پزیشکی تۆماری کردووە.

ئەم پیاوە مولازم "ناتۆ"یە کە لە جەنگی دووەمی جیهانیدا بیست و شەش کەسی لە سوپای دوژمن کوشت. بەڵام بەداخەوە بۆمبێکی سەرشێت کە دوژمن هاوێشتبووی سەری لە جەستەی جیا کردەوە. بەڵام بەهۆی ئەو شێلراوەی کە دام هێناوە توانیم سەر و جەستەی بەیەکیەوە بنووسێنمەوە، لە جاران باشترش، ئێستاش ئەگەر بۆمبایەکی ئەتۆمی نەک دەستی بەری بکەوێت هەرگیز ناتوانێت سەری لە جەستەی لە هەمان شوێنەوە جیا بکاتەوە.

ئێستاش چۆنیەتی دروستکردنی ئەو شێلراوەتان بۆ باس دەکەم. کاتێ کە باسی چۆنیەتی دروستکردنی شێلراوە سەیرەکەی بۆ دەکردن، هەموو پزیشکەکانی ئامادەبوو بە داهێنانەکەی پزیشکە بەریتانییەکە سەرسام بوون. هاوڕابوون لەسەر ئەوەی کە داهێنانەکەی لووتکەی داهێنانە. بەڵام چوونە سەر سەکۆی پزیشکێکی فەرەنسایی کە کچێکی قژ زەردی زۆر جوانی لەگەڵدابوو، کە تەنیا مایۆیەکی لە پێدا بوو. بۆچوونەکانیانی گۆڕی.

پزیشکەکە گوتی: هارپیانی ئازیزم:

ئیستا چیرۆکی ئەو داهێنانەتان بۆ دەگێڕمەوە کە هەتا ئێستا پزیشکی جوانکاری پێی نەگەیشتووە.

ئەم کچۆڵەیەی کە بە "مایۆ"وە دەیبینین وای لێتان کردووە کە دەمتان ئاو بکات، ئەمە خەسوومە کە تەمەنی لە شەست و پێنج ساڵ تێ پەڕیوە.

پزیشکە فەڕەنساییەکە دەستی کرد بە باسکردنی ئەو کردارە نەشتەرگەرییە جوانکارییەی کە بۆ ئەو پیرێژنەی کردووە وای لێی کردووە ببێتە پەرییەکی شەیداکەر کە ژیانێکی خۆشی لەگەڵدا بەسەر دەبات بۆ ئەوەی تۆڵەی لە ژنەکەی بکاتەوە کە خیانەتی لێ دەکات. دەستی بە باسکردنی چۆنیەتی ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکە کرد.

ڕۆژانی کۆنگرە لەگەڵ پێشکێشکردنی ئەو دوا داهێنانەی کە لە جیهانی پزیشکیدا عەقڵەکان تووشی سەرسوڕمان دەکەن و بەردەوام درێژەیان کێشا.

پزیشکێکی ئەڵمانی هاتە سەر سەکۆکە و گوتی:

کاتێ کە مرۆڤ دەمرێت، ڕاستەوخۆ هەموو ئەندامەکانی جەستەی نامرن، ئەگەر مرۆڤێک بە نەخۆشیی دڵ مرد ئەوا ئەندامەکانی تری بە کەڵکن. ئەوەی بە تا دەمرێت تەنیا سییەکانی دەمرێت، ئا لەوانەوە من بیرۆکەیەکم لەلا گەڵاڵە بوو، بۆم دەرکەوت مردنی بە هەموو جەستەیەوە نییە، چونکە یەک ئەندامی ڕاوەستاوە هەر بۆیە هەموو ئەو ئەندامانەی تری کە نەمردوون کۆمکردنەوە و مرۆڤێکی تازەم لێی دروست کردن «ئا ئەمە ئەوە..».

پزیشکە ئەڵمانییەکە ئاماژەی بە پیاوێکی کەتە و پتەو کرد و گوتی:

قاچەکانیم لە کێبڕکێکەرێکەوە وەرگرتووە بەهۆی نەخۆشیی ریخۆڵەکوێرەوە مرد، سینگیم لە زۆرانبازێکەوە





وەرگرتووە کە بەهۆی نەخۆشیی مێشکەوە مردووە و سەریشی سەری نەخۆشێکی تایە.

ئەمەش دروستکردنی مرۆڤێک بوو لەو ئەندامانەی کە نەمردوون، وەک ئەوە وابوو تاوڵە و کورسی بکات.

دوا رۆژی کۆنگرە تەنیا یەک پزیشک مابووەوە ئەویش لە سووچێکدا بە تەنیا دانیشتبوو، گوێی لە پزیشکەکان دەگرت کە بای دوا داهێنانەکانی خۆیان دەکرد کە پێی گەیشتوون.

سەرۆکی کۆنگرە لێی پرسی:

**دوکتۆر** ئەی تۆ هیچ داهێنانێکت نییە پێشکێشی بکەیت؟

ئەو **دوکتۆرەی** کە هەتا ئەو ساتەوەختە هیچ قسەیەکی نەکردبوو گوتی: بەڵێ هەمە، بەڵام بەو رادەیە گرینگ نییە کە لە ئاوها کۆنگرەی جیهانیدا پێشکێشی بکەم. چەند دەنگێک لە ناو هۆڵەکەدا بەرزبوونەوە:

– با وابێ بەڵام دەمانەوێ گوێبیستی ببین.

– هەر کەسێک بەشداریی ئەم کۆنگرەیەی کردووە پێویستە قسە بکات.

پزیشکەکە هاتە سەر سەکۆکە و گوتی:

– زۆر باشە، چیرۆکی، دەرهێنانی ئاڵووی قورگی کەسێکتان بۆ دەگێڕمەوە..

بەشداربووانی کۆنگرەکە دەستیان بە پێکەنین کرد، لەبەرئەوەی ئەوان قسەیان لەسەر سەیرترین داهێنان کرد، کەچی ئەم دەیەوێت قسە لەسەر ئەوها مەسەلەیەک بکات.

پزیشکەکە تووڕە بوو و گوتی:

– مەڵێن هەر دەرهێنانی ئاڵووی قورگ و هەروا



بەسەریدا برۆن....

پێکەنین بەرز بووەوە:

– ئەرێ دەرهێنانی ئاڵوو کارێکی ئاوها گرینگە؟

– من دەستم ناخەمە ناو ئاوها کارێکەوە.

– لەسەر پزیشک پێویستە خەجاڵەتی بکێشێت لەسەر مەسەلەیەکی ئاوها قسە بکات.

پزیشکەکە زیاتر تووڕە بوو و گوتی:

– ئەرێ دەزانن ئەگەر پیاوێک ئاڵووی دەرهێنا چی دەکات؟

یەکێک گوتی:

– با سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکانیش بێت ئاڵوو هەر ئاڵووە.

پزیشکەکە کە رووخساری سوور هەڵگەڕا، وەک رووخساری کەڵەشێرێکی شامی لێ هات و هاواری کرد.

– کەسەکە رۆژنامەنووس بوو..

پزیشکێک وەڵامی دایەوە و ئەوانی تریش هەر پێ دەکەنین:

– ئینجا با رۆژنامەنووس، یا بازرگان، یا فەرمانبەر، یاخۆ سەرباز بێت.. هەمووی یەکە.

پزیشکەکە:

– بەڵێ بەڕێزان، بەڵام لەو ماوەیەدا بڕیارێک دەرکرابوو کە نابێت رۆژنامەنووسان دەم بکەنەوە، بەڵام من توانیم دەستم لە جێگەیەکی ترەوە ببەمەوە ژوورەوە و ئاڵووەکانی دەربێنم.

لە ناکاودا پێکەنینی بەشداربووان راوەستا، لە بڕی گاڵتە پێکردن سەرسامی دەربڕدرا و دواتر چەپڵەیەکی بەهێز و دوور و درێژیان بۆی لێ دا، لە دەنگدانیشدا "دەرهێنانی ئاڵوو" بە باشترین داهێنانی کۆنگرەی دەیەم هەڵبژێردرا.